**کۆلۆنیالیزم و کولتوور**

هەڵۆ بەرزنجەیی ١٤-٤-٢٠٢٤

١ -داگیرکەرانی کوردستان

زەینەب بۆز، شوێنەوارناس /ئارکۆگێکی تورکە و لە پیشەکەیدا زۆر سەرکەوتووە... لەسەر داخوازی خۆی دەزگەیەکیان بۆ دژایەتی قاچاغی کولتوور لە وەزارەتی کولتووری تورکیا بۆ دروست کردووە .
خۆی سەرۆکە و تیمێکی٣٠ کەسی پسپۆڕ و شارەزا هاوکاریی دەکەن، کە زۆرینەیان ژنن.
دەڵێن هەر فرۆکەیەک کە لە تورکیا دەنیشێتەوە زەینەب بۆز لە پێشوازیدایەتی و بەهیوای ئەوەیە کەلوپەل و کەرەسەیەکی نوێی دزراو، تاڵانکراو یان فرۆشراوی تورکیای تێدا بێت و دۆزرابێتەوە و بهێنرێتەوە بۆ تورکیا.
ناوبراو ماوەیەک لە دەزگەی دژی قاچاغی کولتووری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشیش کاری کردووە و جێی دەستی سەرکەوتنی دیارە.
ئەوەی سەیروسەمەرەیە وەک زۆرینەی ڕەهای زانستکار و ئاکادیمیست و مێژوونووس و هەموو ئەوانی تر، ناوبراو باوەڕی بەوەیە هەرچی لە تورکیا براوە هی تورکە! کەچی لە بانگاشەکەیدا بۆ گێڕانەوەی کەلوپەلەکان لە جیهاندا دەڵێ :ئەوانە موڵکی ئەنادۆڵن. جا با بۆ ٣-٤ هەزارساڵ پ ز بگەڕێتەوە.. هیچ گوێ بە مێژوو نادات کە ئەوکات تورک لەو دەڤەرەدا هەر نەبووە. کاتێکیش شتێکی بەنرخی دەست دەکەوێت یەکسەر مۆری تورک و تورکیای لێ دەدات..
بەم پێیە ئەم ژنە شوێنەوارناسە هەرچی لە تورکیاوە و ئەوەیشی لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە براوە دەکاتە موڵکی تورک.. کورد یان ئەرمەنی و لاز و چەرکەس کە لەو وڵاتەدا دەژین بوونیان نییە و خاوەنی هیچ نەبوون.ئێستا بەس مۆرە تورکییەکەی بەدەست ئەوەوەیە دەخوات .. دنیا ئەوە دەبینێ و دەسەڵات و سەرکەوتن بەو جۆرە مێژوو دەنووسێتەوە...
تورکیا لەساڵی ١٩٧٤ دا داوای پارچەیەکی کولتووریی بەنرخی Sphinx ی سەردەمی دەسەڵاتدارێتی هێتی کردووە لە ئەڵمانیا ی ڕۆژهەڵات و ساڵی ٢٠١١ گێڕاندییەوە بۆ تورکیا و یونسکۆ ئەم ماڵەیەی پێخۆش بوو .

ئەمە دۆخی کوردە بەدەستی یەکێ لە داگیرکەرانی نیشتمانەکەیەوە!.. سامان و شوێنەوار و کەلەپوور و ناسنامەی لێ زەوت دەکرێ و مۆرێکی تورکی، فارسی یان عەرەبی لێ دەدرێ ...!بە کوردی و پەتی داگیرکەرانی کوردستان ئێستا زیاتر لە جاران گەرمتر کار لەسەر داگیرکاریی و توانەوە و لەناوبردنی کورد و مێژوو و فەرهەنگ و کولتووری دەکەن. باوەڕیش وایە کە لە مەحاڵ مەحاڵترە ڕۆژێک بێت بە خواستی خۆیان دەستبەرداریی ئەم دوژمنایەتییە بن و مافی کورد بسەلمێنن.
ئێستا لە مۆزەخانەکانی جیهان بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا سەدان پارچە شتی بەنرخ هەن هی کوردن بێ خاوەن یان بە هی تورکیا و ئێران و سووریا و عیراق ناسێندراون .لە باشترین حاڵەتدا بە هی سۆمەر و میزۆپۆتامیا و ئێرەوئەوێ دێنە هەژمارکردن و ناساندن.
دیارە لە مۆزەخانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا هیچ شوێنێ بۆ کولتوور و مێژوو و شوێنەواری کورد نییە.. کورد ئێستا نکۆڵی لە بوونی بکرێ و بکوژرێ و نیشتمانی تاڵان و سوتماک بکرێ، ئیدی داگیرکەر و دوژمن چ ڕێز و بایەخێکی بۆ ڕابووردووی دەبێت.!؟...
کەواتە پێویستە کورد و دەزگە و کەسانی پەیوەندیدار بەم بوارەوە هوشیار بن و نەهێڵن ئەو سامان و شکۆ نەتەوەییان بفەوتێ و هەرچی لە دەستیان دێ بیخەنەکار بۆ ڕێگیکردن لەم هەڵمەتە داگیرکارییانە و نەهێڵنن بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕێ...

٢ ـ کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی

دوای خنکاندنی George Floyd ڕەشپێست لەلایەن پۆلیسێکی ئەمەریکییەوە لە ٢٥,٥,٢٠٢٠ وەرچەرخانی نوێ لە مێژووی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپادا ڕوویدا.. لەو چرکەساتەوە هەتا بێت دەنگی داخوازی پێداچوونەوەی مێژوو و سیاسەتی کۆلۆنیالیزم لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەرزتر دەبێتەوە.
توێژێکی باش لە سیاسی و ئاکادیمیست و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوان و مێژوونووسان و مامۆستایانی زانکۆ لە تەواوی وڵاتانی ئەورپای ڕۆژئاوا پێکهاتووە کە ناڕەزایی بەرانبەر مێژووی ناشیرین و قێزەونی کۆلۆنیالیزم دەدەبڕن و داوای گێڕانەوە شکۆ دەکەن بۆ میللەت و دەوڵەتانی قوربانی دەستی کۆلۆنیالیزم.
یەکێ لەو هەوڵانەی کەوتۆتە سەرپێ بانگەوازی گێڕانەوەی هەموو کەرەسە و کەلوپەلی کولتووری بەنرخی میللەتانە کە بە تاڵانی براون و دزراون و کڕدراون !بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان.
خاتوو پرۆفیسۆری مێژووی هونەر Bénédicte Savoy کە وانەبێژە لە زانکۆی تەکنەلۆژیای بەرلین داوا دەکات ٤٠,٠٠٠ هەزار کەرەسە و پارچەی کولتووری بەنرخ لە مۆزەخانەکانی ئەوروپا بگەڕیندرێتەوە بۆ وڵاتی کامیرۆن .
بەپێ بۆچوونی ئەو ئەم پارچە کولتوورییانە لە بەریتانیا ١٤٠٠ هەزار پارچە و لە فەرەنسا ٨٠٠٠ هەزار و گوایە لە ئەڵمانیا ٤٠,٠٠٠ .هەیە . هەروەها دەڵێ: بێ هیچ گومانێک ئاگامان لە ١٠,٠٠٠ هەیە.
هەموو ئەو شتانەی ناپلیۆن ساڵی ١٨١٥ لە نەمسا و پراسیا و ئیتالیا فلانلاند و هۆڵەندە بردیی خرایە ناو مۆزەخانەی بەناوبانگی لۆڤەر Louvreەوە هەمووی گەڕێندرایەوە و بەشێکی ئەوانەی میسر و مۆزەمبیق و میزۆپۆتامیاش چاوەڕوان دەکرێ بدرێتەوە.. ئەگەرچی هەموو دەزانین مۆزەخانەکان تینووی ئەم شتە کولتوورییە بەنرخانەن...
لە ڕۆژئاوا ئاڕاستەکە بە پێچەوانەوەیە و هێزی کۆلۆنیالی تاڵانچی دەیەوێ ڕووی خۆی سپیی بکاتەوە خۆی لەو گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییە ڕزگار بکات، هەرچی پەیوەندی بە کۆلۆنیالیزمەوەیە بە چاوێکی ترەوە هەڵسەنگێندرێ و هەق و هەژماری لەگەڵ بکرێ..
پێش چەند ساڵێ ئەڵمانیا بە فەرمی داوای لێبووردنی لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی خۆی کرد لەو وڵاتەدا و بۆ قەرەبووکردنەوە زیاتر لە یەک ملیارد یۆرۆی داوە و بەردەوامیش پرۆژەی نوێ دەخاتە کارەوە بۆ خزمەتی ئەو وڵاتە لە بواری فێربوون و گەشەکردن و پیشەسازی دا.
پاشای هۆڵەندە و پەرلەمانی ئەو وڵاتە دوای ١٥٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە ١,٦,٢٠٢٣بە ئاشکرا داوای لێبووردنی لە سیاسەتی کۆیلایەتی لە وڵاتانی ئەفەریقا و باشووری ئەمەریکا کرد.
بە کورتی لێرە خاوەن ماڵ موڵکەکەی خۆی بەدەست دێنێتەوە و قەرەبووی مادیش دەکرێتەوە..
ئەڕێ بۆ کورد هەزارقات باشتر نەبوو ڕاستەوخۆ کۆلۆنی بندەستی وڵاتێکی ڕۆژئاوا بوایە/ بێت؟!





Alle Reaktionen: ٣٥Du, Shallaw Kakalaw, Omed Osman und ٣٢ weitere Personen